**cavamh**

Gweithredu dros Iechyd Meddwl Caerdydd a'r Fro
Cardiff and Vale Action for Mental Health

**خزمەتەکانی سەلامەتی دەروونی لە کاردیف و د ڤەیل ئاڤ گلامۆرگان (Cardiff and the Vale of Glamorgan)**

زۆر سپاس کە سەردانی ماڵپەڕی پرۆژەی سەلامەتی دەروونی لە کاردیف و ڤەیل ئاڤ گلامۆرگان (cavamh) دەکەیت. ئەم ماڵپەڕە دەربارەی چالاکیەکانی cavamh زانیاریت پێ دەدات و هەروەها ڕێنمای خزمەتەکانی سەلامەتی دەروونی لە «کاردیف و ڤەیل ئاڤ گلامۆرگان» بە شێوەی سەرهێڵ (ئۆنلاین) دەخاتە بەردەستی تۆ.

ئەم ڕێنمایە زانیاریت پێ دەدات دەربارەی ئەو خزمەتانە کە بۆ کەسانی خاوەن پێداویستیەکانی سەلامەتی دەروونی دابین دەکرێن. ئەمە هەموو ئەو خزمەتانە دەگرێتەوە کە بۆ منداڵان و گەنجان، گەورەساڵان و بەساڵاچووان دابین دەکرێن.

**ئەم ڕێنمایە زانیاری تێدایە دەربارەی:**

- پرسە یاساییەکان – بۆ نموونە یاسای سەلامەتی دەروونی، یاسای توانایی دەروونی و یاساکانی تایبەتی بەخێوکەران
- ئەو خزمەتانە کە لەلایەن بەرپرسانی یاسایی دابین دەکرێن، بۆ نموونە خزمەتەکانی دەستەی تەندروستیی زانکۆی کاریف و ڤەیل، خزمەتەکانی ناوەندەکانی دەسەڵات لە کاردیف و ڤەیل ئاڤ گلامۆرگان، خزمەتەکانی پۆلیس
- ئەو خزمەتانە کە لەلایەن کەسی سێیەم دابین دەکرێن.
- لیستی هێڵەکانی یارمەتی تەلەفۆنی.

**چۆن دەستت بگات بەم خزمەتانە**

ئەگەر یەکەم جارە کە پێویستە ئەم خزمەتانە بە کار بهێنی، ئاساییانە دەبێ بەر لە هەموو شتێك پەیوەندی بکەیت بە پزیشکی گشتیی خۆت. پزیشکی گشتی پێداویستیەکەت هەڵدەسەنگێنێت و تۆ دەنێرێت بۆ لای «خزمەتی پاڵپشتی سەرەتایی سەلامەتی دەروونی» یان «تیمی سەلامەتی دەروونی کۆمەڵگا» لە ناوچەکەت.
ئەگەر پزیشکی گشتی پێی وا بێت تۆ پێویستت بە فریاکەوتنی دەسبەجێ هەیە (واتە تۆ لە مەترسی ئەوە دایت کە زیان بگەیەنیت بە خۆت یان بە کەسانی تر)، ئەوا بەرپرسان هەنگاوی پێویست هەڵدەگرن بۆ ئەوەی خێرا هەڵسەنگاندنت بۆ بکرێت.

**پێداویستیە زمانیەکان**

ئەم ڕێکخراوە یاساییانەی خوارەوە دەتوانن لە کاتی پێویست خزمەتی وەرگێڕانی زارەکی بۆ تۆ دابین بکەن:

- دەستەی تەندروستیی زانکۆی کاردیف و ڤەیل (کە لە «کاردیف و ڤەیل ئاڤ گلامۆرگان» خزمەتەکانی سەلامەتی دەروونی دابین دەکات): لە 24 کاتژمێری ڕۆژ و 7 ڕۆژی هەفتە خزمەتی وەرگێڕانی زارەکی بە شێوەی ڕووبەڕوو یان تەلەفۆنی دابین دەکات.
- ئەنجومەنی ڤەیل ئاڤ گلامۆرگان – خزمەتی وەرگێڕانی زارەکی بە شێوەی ڕووبەڕوو یان تەلەفۆنی دابین دەکات.
- ئەنجومەنی کاردیف
- دەستەی تەندروستیی زانکۆی Abertawe Bro Morgannwg (لە «ڕۆژئاوای ڤەیل ئاڤ گلامۆرگان» خزمەتەکانی دابین دەکات).
- پۆلیسی باشووری وەیڵز - لە 24 کاتژمێری ڕۆژ و 7 ڕۆژی هەفتە خزمەتی وەرگێڕانی زارەکی بە شێوەی ڕووبەڕوو یان تەلەفۆنی دابین دەکات.

**ناردنی بیروڕا و تێبینیەکان بۆ ناوەندی سەلامەتی دەروونی کاردیف و ڤەیل (cavamh)**
ئێمە خۆشحاڵ دەبین بیروڕای تۆ دەربارەی ماڵپەڕ و ڕێنمای خزمەتەکانمان وەربگرین بۆ ئەوەی بتوانین بەردەوام باشتریان بکەین.
زۆر سپاس


Copyright © Cardiff and Vale Action for Mental Health 2004-2013 - Registered Charity No. 1148312 / Company No. 8000094